# پەڕاگەندەبوون لە باخچەکانی تاراوگەدا:
# گفتوگۆیەک لەگەڵ (هەندرێن) نووسەری کتێبی (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)

سازدانی: بەختیار کەریم
بۆماڵپەڕی دەنگەکان

بەشی شەشەم

## سی و یەکی ئاب و "شاری خەونزڕاوەکان"

"مرۆڤ کاتێک لەگەڵ بیانییەک لەسەر ناسنامەی نەتەوەکەی دەدوێت، بە ئاسانی هەست بەو ئاستەنگانە دەکا، کە تەنیا گوتارێکی تۆکمەی بیرکردنەوەیە کە دەتوانێت، کونە گەورەکانی ئەو ناسنامەیە چارەسەر بکات."

هەندرێن،(گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)

بەختیار: با هەر لەگەڵ هەولێردا بمێنینەوە، لەگەڵ ئەو شارەی دەروازەکانی بۆ هەموو گەڕیدەیەک لەسەر پشتە (مەگەر دەسەڵاتی پارتی ئەو بەها ناوازەیەی هەولێریشی وەک هەموو بەهاکانی دیکە تاڵان کردبێت)، بەڵام پرسیارێکی جیاوازتر بکەین کە زیاتر پەیوەستە بە شارەوە وەک کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسییانەی جڤاتێکی دیاریکراو. ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەو رۆژە رەشەی کە تۆ لە سەرەتای کتێبەکەتدا ئاماژەی پێدەدەیت: ***سیویەکی ئاب***، بەڕاست چ رۆژێکی مێژوویی و گرنگە کە ئێمە تا هەنووکە ئاوڕمان لێنەداوەتەوە، بێگومان تاوانی ئەم ئاوڕنەدانەوەیەش لە ئەستۆی ئەو رۆشنبیرانەدایە کە وەکی یەکانە توانای ئاوڕدانەوەیان نییە و لە ترسی ژیانی نەگریسی خۆیان بە هەورازی شەرمدا هەڵتەک هەڵتەک هەڵدەزنێن. ئایا ئەو رووت و رەجاڵیەی هەولێر کە تۆ لە کتێبەکەتدا باسی دەکەیت، ئەو سیمایەی هەولێر بۆ تۆی تاراوگەبوو کە پاش دوو دەیە دەگەڕێیتەوە هەمان شاری زێدی منداریت و وەکی شارەکی "تاڵانکراو" خۆیت لۆ نمایش دەکات، سەرەتاکەی سی و یەکی ئابە یان لەوەش کەوننترە؟ بێگومان شایەرە زارقەرەباڵغەکانی حیزب و پاڵەوانی ڤیستیڤاڵەکانی جەهل، بۆ نیشاندانی رووی ئاوەدانی هەولێر یان سلێمانی ئاماژە بۆ "شاری خەونەکان" دەکەن، یان بۆ ئەو باخچە نازدارانەی کە تەنها منداڵی بەرپرسە ورگ بۆگەنەکان بۆیان هەیە گەمەی تێدابکەن، بەڵام وەک تۆ لە کتێبەکەتدا باسی دەکەیت: کە هەولێر هێشتا شاری سوپای منداڵە سبوغچی و حەمباڵەکانە، ئیتر شاری خەونەکان دەبێتە درۆیەک بۆ دڵنەواییدانەوەی ئەو سەرکردانەی لەبەر ورگی بە گەندەڵیی هەڵئاوساویان چاویان ئەو راستییە زۆر ساکارانەی سەر "شەقامە بێشۆستەکانی هەولێر" نابینن.

ئەم ساڵ یادی تێپەڕبوونی دە ساڵە بەسەر کارەساتی شەرمهێنی سیویەکی ئابدا. چۆن لە دەرەوەی گەمەکانی پارتی و یەکێتیدا لە سیویەکی ئاب ڕابمێنین؟ ئەگەر بڕیارە ڕابردووی خوێناوی براکوژی و خۆکوژی تێبپەڕێنین، چۆن دەکرێت بە لەبیربردنەوەی کارەساتێکی مێژوویی و ناوازەی وەک سیویەکی ئاب ئەو کارە بکەین؟ ئایا دەکرێت لە نێو کۆی ئەو یادەوەرییە تاڵانکراوەدا، "شەبەنگێک لە

مانا" بۆ کارەساتە گەورەکانی وەک سیویەکی ئاب بدۆزینەوە، یان بە کردنی ئەو کارە لە ئاگردانەکانی دەسەڵاتی ستەمکاری کوردیدا "دەسوتێین"؟

هەندرێن: راستییەکەی لێدوان لە قافڵە و تەپ و تۆزە تەڵخەکانی دواوەی ئەو بابەتەی کە تۆ دەیوورووژێنی؛ واتا یادوەرییە "تاڵانکراو"ەکانی منداری و لاویەتی من لە هەولێر، شوێنپێی سی و یەکی ئاب و دیمەنی شێوێنراوی رووخساری تەلار و ژیانی هەولێر، وێرای هاتوهاواری خەفەتهێنەری ئەو مێدیایە سەقەتەی حیزبی حاکم بۆ ***"شاری خەوزڕاوەکان"*** نەک ***"شاری خەونەکان"***، ئەستەمە پەیڤەکان لە گفتوگۆیەکی ئەوهادا بتوانن فەرامۆشییەک، ئاشتبوونەوەیەک بەو لێکترزانە روحیانە ببەخشن. ئەمن لە کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپی..."دا لە چرایەتییەکی لێکترازاو، وەک یادەوەرییەکانی من و هەولێر، ئەو دەردە کوشندانەی کە ناخی هەولێریان دەغەزار کردووە، نمایشکردووە. بەڵام نەگبەتییەکانی هەولێر لەو شانزە ساڵەدا، بە دەست تاڵانکاری شەڕی خۆخۆری حیزب و کردنی بە بازاڕێکی سیاسی لە نێوان گرووپە رەگەزیی و سیاسییەکان و گوندگەلێک بۆ هۆزەکان... هتد، لەوەش زیاترە کە لەو کتێبە و لەم گفتوگۆیەشدا باسیدەکەین. هەرچۆنێک بێت، بەلای منەوە، دوور لە هەموو روانگەیەکی ئایدۆلۆگی و وابەستەیی و ... هتد، کارەساتی پێشهاتی سی و یەکی ئاب، چرکە ساتێکە کە لەوێوەڕا حیزبی کوردی وەک چەتەگەلێک گەمارۆ دەدرێ، ئیتر بە شایەدحاڵی سەرتاپای هەموو توێژەکانی کوردییەوە، لە پێناو مانەوەی خۆی، ملی خەونی کورد، ملی جەستەی کورد و خاکە ئەنفالکراوەکەی و گوتارە نەتەواتییەکەی، وەک جوانەگایەک، لە پێش داوەتکردنی رژێمی سەددام، سەردەبڕێ و دەرخواردی چەتە ئەنفالچییەکانی بەعسی دەدا. لێرەوە دەبێ واز لەوە بێنین، کە سی و یەکی ئاب وەک پێشهاتێکی شەرم هێنەر، یان هەڵەیەکی ناچارکراو، سەیر بکەین، بەڵکو، بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی بیرکردنەوە لەبۆ خۆمان بدۆزینەوە، دەبێ وەک دۆڕانێک، کە لەوێدا دەمڕاستی کورد لە یارییەکی چارەنووس سازدا، بە مێشکە خێڵەکییە کارایەکەی، نەک هەر خودی حیزب رازی بوو دەستە و داوێنی کۆیلەدارەکەی بوو و بە ***بەڵێ یەکی بەرزەگۆ*** کۆیلەبوونی قبووڵ کرد، بەڵکو تەواوی یادەوەریی کوردانیشی بە تاڵان برد و کردیە سەدەقەی ئەو کارەستاتە. لێرەوە کارەساتە جەرگبڕەکە لەوەدا شوومتر دەبێتەوە، کە مەنسوولە چەتەکانی ئەو حیزبە لە مەجلیسەکانی نێوان خۆیان و شەڕەملێی سەر زارەکییەکانی نێوان حیزبە دژەکانیان و خەڵکاندا، سی و یەکی ئاب وەک پاڵەوانییەکی پارتی باسدەکەن: جارێک دەڵێن، پارتی لە سایەی سی و یەکی ئابدا، نەک هەر هەولێری لە " پاسداران و ریشداران"ی ئیسلامی و ئێرانی رزگار کرد، بەڵکو سەرتاپای کوردستانیشی ئازاد کرد. جارێکی تر دەڵێن، سی و یەکی ئاب "موئامەرە"یەکی نێونەتەوەیی و بەرەنجامی گەمەیەکی نێوان ئەمریکا و ئێران و ئێراق بوو. لەوەش مەتەڵاویتر، مەنسوول و هەڵەپاسەکانی سەر بە پارتی دەڵێن، پارتی زۆر "ئاقڵانە"، بۆ ئەوەی کورد لە رژێمی ئێران و هەڕەشەی دوژمنان رزگار بکا، سەربازەکانی رژێمی سەددامی بە پارەیەکی ماقووڵی داهاتی "ئیبراهیم خەلیل" و دەستکەوتەکانی تر، بە کرێ گرت. ئیتر تۆ سەیرکە ئەگەر پارتی و یەکێتی لەوە دڵنیا نەبن، کە نووسەرە دەم هەراشەکانی کۆمەڵگای کوردی ماڵی مێگەڵن، کوو بەو حیکایەتە خورافیانە دەتوانن ئەو کارەساتە بەو قوڕە خوساوە ماڵنج بکەن؟! لێرەوە دەبێ بزانین، کە ئەوەی بەو دابڕانە روخێنەرە گوتاری کوردی خەتم دەکا، تەنیا پارتی نییە، بەڵکو پارتی و یەکێتیی شانبەشان بەشێوەیەکی سەرەکی و سەرتاپای نووسەرانی کورد و حیزبۆکەکانی تریش بە کارایی، لەو بە "تاڵانبردنەی شەرەفی کورد" بەشداریدەکەن. لەبۆیە، وەک زۆرێک پێیان وایە یەکێتی حیزبێکی جودایە و ناماقووڵی ئەوها ناکا، لە کن من، ئەو بانگەشەیە، بێجگە لە چاوەشەکاری و بە مێگەلزانینی کورد، هیچ مانایەکی

تری نییە. کەواتە ئەگەر کورد خۆی بە نەتەوەیەکی **پێگەیشتوو** و خاوەن **کۆئاگایەکی رۆشنبیریی** نەتەوەیی دەزانێ، دەبێ بە تاڵانبردنی ئەو یادەوەرییە، بە لە دەستدانی "**شەرەف**"ی خۆی بزانیبووایە، نەک زیاندەی مێینەی کیژانی.

لێرەوە کە من هەوڵمدا لە روانگەی نەخشەکارییەکی "مێژووی هزری"یانەوە، ئەو دیمەنگەلە لە پرۆسەی گۆران و پێشهاتەکانی دوێنێی کورد، نمایشبکەم، دەکرێ، وەک سەرچاوەی بابەتگەلێک، لە دیدی دەیان لێکۆڵینەوە و راڤەی کۆمەڵناسی، مێژووی هزریی، زانستی سیاسیی... هتد، لەسەر بکرێ. ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی بەشە مرۆڤایەتییەکانی زانینگایەکانی کوردستان، کە مخابن سەرمان لێتک نەچووە ئەگەر بڵێین، لەو بوارانەدا جێگەی بەزەیین، یانیش ئەرکی ئەو نووسەرانەیە، کە دەمراستە رۆشنبیرییەکانی ئەو دوو حیزبە، لە پێناوی فراژاندنی زمان و کولتووری کوردیمان و بەرهەمدار کردنی ژیانیان، وەک پسپۆران، لە نەخشەیان دایە، یان قەول وایە بە "معاش"ێکی باشەیشەوە زۆرینەیان "تەفریغ و تەفریح" بکا. بزانین ئەو نەخشەیە دواهاتووی کوو دەبێ. لێ ئەو مێژووە پڕ لە قەومانەی دوای راپەڕینە ویستگەرایەکەی 1991ی کوردستان، کە ئەو پرۆسەی ئاماژەم پێکرد، هەڵیلووشی، چاوەڕێی خوێندنەوە و رەخنەگەلێکی "زانستی"ین، نەک "زیقە زیق"انەیی!

هەرچۆنێک بێت، وێڕای خەنی خۆشیمان بە نێوان خۆشی ئەو دوو حیزبە و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کۆمەڵگایە فرە درەنگەکەشیان، کەچی دەبینین کوو وەک ئەوەی نە با_ یان دیبێ و نەباران لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، وەک هەمیشە بۆ پێڕابواردنی مێگەل، ئەو رێککەوتنە وەک پیاوچاکییەک لەبۆ خاتری کوردایەتی، دەفرۆشنەوە. لێرەوە لەو سەوداکاریی و هەڕاجکردنەی گوتاری کوردیدا، کایەی ئەو تەرزە رۆناکبیرانەی کە لەبۆ نەخوێندەواران "شێخی شێخانی قەڵەمی مۆدێرنی کوردین" بایی قرانێکی سووتاو ناکا. ئەوەتا هەنووکە دەبینین ئەو دختۆر و فەیلەسوفە "پۆست" جاش و بەعسیانە و "پۆست مەزن" و پۆستگەلەکانی کوردان، لە دوای زیاتر قەبەکردنی "رێزلێنان" و "پاداشت"ەکانیان لە لایەن ئەو دوو حیزبەوە، کوو لە مێدیایە فیلمی هێندییە ئاسایەکانی ئەوانەوە، خۆیان گێف دەکەنەوە. ئەگەر ئەوە حاڵی کوردان بێ، ئاخر بە تەمای چی بین کە لەو پانتاییە بە بازارکراوەدا رووبدا؟

لە بۆ زانینیش، ئەو بەتاڵانبردنەی یادەوەریی ئەنفالکراوی کورد، تەنیا لە سی و یەکی ئابدا دەستپێناکا، بەڵکو هەر لە لەو کاتەوە دەستپێدەکا، کە حیزبی کوردی بە یەکەم تەقەی شەڕی خۆکوژی، ژیانی لە روحی راپەڕینی مەزنی 1991 خامۆشکرد و دواجاریش ئەو حیزبانە وەک مافیایەکی نەزان دەستیانکرد بە تاڵانکردنی کەل و پەل، تێلی کارەبا، ماشێن و هەرچی مولکی کۆمەڵگا و فرۆشتنیان بە ئێران، تورکیا و عیراق. بەمجۆرە کۆمەڵگا بە رووت و قووتی لەو گۆڕەی مایەوە و چەتەکانی حیزبیش گومرگەکانیان کردە بازاڕی قوماربازی. لەوەش کارەساتر، لە پێناوی باڵادەستبوونی تاکڕەوانەی خۆیان بەسەر ئەو گومرگ و دەسەڵاتە مردۆخە، دەستیانکرد بە راکێشانی "میت و جەندرمە" و "ئێتیلاعات و پاسدار"انی تورکیا و ئێران. ئیتر لەوێوە گەندەڵی هێد هێدی بەناو یادەوەریی کوردیدا تەشەنەی کرد. بەدەم ئەو دارمانە ئێتکی و ویژدانییە نەتەوایەتییەوە، هەرچی ئەقڵ و ئاوەزە لە بیرکردنەوەی حیزب و کۆمەڵگای کوردیدا، ئیفلیجکراو و ویستێکی رۆناکی تیادا نامایەوە. وێڕای ئەوانەش، هاتنە گۆڕێی بەرنامەی "خۆراک بەرانبەر نەوت" لە لایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کوردی بەرەو روحێکی سواڵکەریی، دزی و کۆیلەیی هاندا. لەو دۆخە بە برسییەتە گەمارۆدراوەدا، چەندان خاو خێزانی کوردی ناو هەولێر و دەوروبەری، تەنانەت ئەندام و کادیرانی خودی حیزبە کوردییەکانیش، لە پێناوی سواڵکەریی بۆ پارە و خوارک، تەسلیمی ئەو حیزبە تورکمانانە بوون و حاشایان لە کورد بوونی خۆیان کرد، کە تورکیا وەک سیخوڕ پشتیوانی ماڵی و سیاسییانی دەکرد. تورکمانە. ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگە، کەچی لە بواری رۆشنبیریی و سیاسی کوردیدا هەر باسیشی

ناکرێ. لە ئاکامی ئەو هەرەسە نەتەوایەتیی و ناوەکیەی کۆمەڵگای کوردیدا، نە مانایەک بۆ ئەو ویژدانەی کە کورد خاوەنی بوو مایەوە، نە ڕێزێک بۆ بەژن و باڵای پێشمەرگایەتی مایەوە. شەهید کرا بە بازاڕ لە ژیانی کوردیدا. ڕەهەندی قوربانی و دڵسۆزی، کە پێشتر مانای کوردایەتی بوون، کران بە گەڵتەجاڕیی. لە ئاکامی تاڵانکردنی ئەو یادەوەرییەدا، سەرۆک جاش بە گەڕانەکانیانەوە لای حیزب بوونە میراتگری پێشمەرگە، شەهید و خەباتگێڕ. کۆنە بەعسی بوو بە پسپۆڕی کوردایەتی و پاڵەوانی شەڕی کوردکوژی... هتد.
بۆ ڕۆشنکردنەوەش، دەبێ بڵێم، کە ئەو تێکشکانە ناوەکیی و نائامادەییەی ئەقڵ لە ژیانی کورد و حیزبەکانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ کارایی ئەو پێکهاتە خێڵگەراییەی کە هەر لە بەراییەوە فاکتەرێکی کارا بووە لە بزواندنی ڕەوتی سیاسیی و ڕۆشنبیریی کوردیدا. ئەوە دەتوانێ لە ئەزموون وەرگرتن و ڕێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەو نەهامەتییە رزگارمان بکات، تەنیا گەڕانەوەیە بۆ بیرکردنەوەیەکی ئاوەزیی و گفتوگۆیەکی کراوەی هاوبەشانە لە نێوان ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانی جڤاکی کوردیدا.
لێرەدا بۆ سەر لە دوونانی ئەو باسە، بێتێکی درێژمان گەرەکە.
مخابنی و سکتبوون لەو یادەوەرییە تاڵەی کورد لەوەدایە، کە خودی ئەو دوو حیزبەش پێناچێ بیانەوێ سوودێک لەو ئەزموونە شەرەفبەرە وەربگرن، کە هەر خودی ئەو لاملییە لە دژە بیرکردنەوەی ئەوانیش بوو کە شەڕی خۆکوژی خۆیان، بە هێنانی پاسداری ئێرانی و سەربازی چەکمە ڕەشی سەددام، خەتم کرد. ئیتر هەنووکەش بەردەوام بوونی ئەو دوو حیزبە لەسەر ئەو دەمبەستکردنەی مرۆی کورد لە بەرانبەر ئەو پێشهاتە تاڵانکارە، دەکرێ هەمان ئەزموونی پەڕپووتانە دووبارە بکانەوە.
بەهەمە حاڵ، ئەوەی من لێرە لەو گفتوگۆیە بە لەزەدا دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە دەبێ ڕۆناکبیر و سیاسەتکاری کورد، چیتر لە ڕوانگەی لایەنگیرانەی حیزبەکەی و شارچییەتییەکەی و رقهەڵگرییەکەیەوە لەو کارەساتە دمۆرەی سی و یەکی ئاب نەڕوانێ، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی فرە ڕەهەندەوە، وەک بەرپرسیارییەکی ئێتیکی نەتەوایەتیانە، بەشێوەیەکی ئاوەڵا، لە کۆی ئەو ناکۆکییەی کە ئەو ئەزموونە شەرەفبەرەی بەرهەمهێنا، بپەیڤێ و بهزرێ. لێ بەڵێ ئایا ئەو ویستگەراییە، بە واتای نیتشەییانە، ئەو "بەڵێیە بۆ ژیان" لەو ڕوحە بە کۆیلەکراوەی نووسەر و مەنسوولانی سیاسی و ناوەندی مێدیای کوردیدا، کە هەرچەندە درۆیەکی گەوەرە دەکەین، کە ئەگەر بەو مێدیایەی ئەمڕۆ بێژین مێدیای کوردان، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ، کە بە مەیلێک لە ئاییندەخوازی، لەو دەمبەستکراویەی ڕاسێ و بە خوێندنەوەگەلێکی ویستگەرایانەوە ئەو یادەوەرییە گەمارۆ بدا؟ لە کن من، هەتا "ئەو بایە لەو کوونە بێ"؛ واتا هەتا "شاری خەونەکان"، "ڕێزلێنان"، "پادداشت" و "مووچەوەرگرتن" لەبەرانبەر هیچ کارێک" خەونی کۆمەڵگای بە مێگەلکراو و نووسەرانی مێشک "تەقاویترکراو" بێت، ئەو ویستگەراییە بۆ ڕاسان لەو بەتاڵانبردنەی یادەوەری و باوەشکردنە بە ژیانێکی دادپەوەرانە، تەنیا خەونێکە و قەدەرەکەشی مەگەر "خدری زیندە" هەڵیبێنێ. هەر بۆیە لەو دۆخە ئاڵۆزکاوەدا، "شاری خەونەکان"یش بەشێکە لەو پرۆژانەی کە حیزبی کوردی مەبەستیەتی بە فریودانی خەونی ئەو شارە خەیاڵییەوە خەڵکی هەژاری کورد "خەوزڕاو" بکا.

ماوێتی